کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:27 4-6-2007

## پیاوان بۆ رێپێوان ناکەن؟! ... بۆکان حسین

لای کەسمان شاراوە نیە کە ئەم هەموو تاوانەی رۆژانە دەرهەق بە کچان و ژنانمان دەکری لەم سەری تا ئەو سەری دونیا و بە تایبەتیش لە کۆمەڵگا رۆژهەلاتیەکان و لە ریزی پێشەوەش (کۆمەلگای کوردی) پیاو بە تاوانبارو جەللادو درندە ناودەبری کە بە داخەوە ئەم پێناسەیە گشتێنراوە بەسەر رەگەزی نێرینەدا، چونکە کەمتر روویداوە کە ژنێك ژنێکی هاورەگەزی خۆی بکوژی.
لە کۆرێکدا کە بۆ یادی 8ی مارس بۆ مامۆستا (جبار غریب) سازدرابوو زۆر بە توندی دابەزییە سەر پیاوو پەنجەی تاوانی بۆ راکێشان. جێگای ئاماژە بۆکردنە کە لەناو هۆڵەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە پیاو ئامادەبوون، هەستم کرد زۆر لە پیاوەکان رقیان هەستاوەو لچ و لێویان خوار بووە و برۆیان هاتۆەتە یەك و زۆر بە گرژییەوە گوێیان بۆ قسەکانی مامۆستا شل کردبوو. ئەمەو دوای تەواو بوونی قسەکانی کۆرگێر، پیاوێکی بەرێز هەستایە سەر پی و وتی "ئەوە خێرە لەناو هەموو ئەو ژنانەی کە خۆیان بە داکۆکی کەری مافەکانی ژنان دەزانن تۆ هاتووی بوی بە (محامی ژنان) . ؟؟
نەمتوانی بی دەنگ بم لە دوای ئەو وەلامم دایەوە و وتم:- (ساڵەهای ساڵە ژنان ناهەقیان بەرامبەر دەکری، غەدریان لێدەکری، هەربەخۆشیان داکۆکی لە خۆیان دەکەن بەرامبەر بەو زوڵمانەی کە لێیان دەکری، هەر ژنە بۆ بەدبەختیەکانی خۆی دەگری، هەرژنە رێپێوان بۆ داخوازییەکانی خۆی دەکات، قەیدیچییە ئەمرۆ پیاوێك هاتوەتە ئێرە و داکۆکی لە ئێمەی ژنان دەکات و بە دەمی خۆی تاوانەکانی ئێوەی پیاو دەخاتە روو) .
لە کۆمەڵگا هەر پیاو تاوانبارو هەر ژن غەدری لێکراوە بەلام لە هەموو کاتێك هەر دەبی ژن بۆ خۆشی دەنگ بەرزبکاتەوە و رێپێوان بکات و بە رووی دەسەلاتدا دەنگ هەلبری و مان بگری و بلی تاکەی ئێمە وەك مرۆڤ مامەڵەمان لەگەڵدا ناکرێت؟!
گەواهی هەق ئەدەم رۆژانە لە میدیاکان و رۆژنامە و تەلەفزیۆن و وێبەکاندا، دەبینین و دەبیستین پیاوە رۆشنبیرەکانمان دەنگ بەرزدەکەن و نارەزایی دەردەبرن و هاواردەکەن بۆچی و تاکەی کوشتنی ژنان حەلال کراوە؟بۆچی ژن دەکوژ ن و ئەی بۆچی عەشقی ژن دەبن؟، بۆچی لە پێناوی ژن خۆ دەکوژن و ئەی بۆ لە خۆشویستنی ژنێك ژن بلۆك باران و گوللە باران دەکەن؟؟
زۆرن ئەو پیاوە هۆشمەندو هۆشیارانەی کە دەنگی نارەزایی دەردەبرن بەلام من لێرە گومانم هەیە لە دەنگی ئەوان چونکە هەتا ئێستا نەمبینی کۆمەلێك (پیاو) کۆ ببنەوە و لافیتە بەرز بکەنەوە و بنوسن (لەمەودوا کوشتنی ژنان قەدەغەیە، هەر کەسێك لادا لەو رێسایە بەرنەفرەتی خواو خەڵك بکەوی) .
یا (هوتافاتی قرکردنی پیاوانی عەقڵ بەستو) بڵێنەوە.. هەتا ئێستا نەمبینی کۆمەلێك پیاو لەبەردەمی پەرلەمانی کوردستان کۆببنەوە و مان بگرن بۆ کۆتایی هێنان بەرەشەکوژی ژنان ئەی خۆ (ژن) ... . دایك، خوشك، خێزان، خۆشەویست، کچ، پور، نەنك ی ئێوەیە.
دەنگ هەلبرینی ئێوە بە قسەو بە کردار هۆشمەندی و پشتیوانی راستەقینەی ئێوە دەردەخات سەبارەت بە مافەکانی ژنان بەلام ئەگەر وانیە دێمەوە سەر ئەو بۆچوونەی کە دەلێم:-
زۆرن ئەوانەی لە دەرەوە و لە کۆمەڵگا هاوار بۆ مافەکانی ژنان دەکەن بەلام لە ماڵەوە هەژدیهایەکن بۆ خواردنی سەری خوشك و دایك و ژنەکانیان، ئەی ئەگەر وانیە بۆ تا ئێستا رێپێوانێك ناکەن؟!!
بەڵکو ئەمە خوایە رێپیوانی ئێوە بووە مەسەلەیەکی گرنگ و خەتەر بۆ سەر دەسەلات و لەسایەی رێپێوانی ئێوە و دەرخستنی درندایەتی و جەلادیی هاورەگەزی خۆتان، داوای وەستانی رەشەکوژی ژنان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکەن. ژنان تۆزێك بگەن بە مافەکانیان یا هیچ نەبی ئارامیەك بکەوێتەوە ماڵی ژنان لە کۆمەلگای کوردیدا، چونکە ژن کوشتن بووەتە ئاو خواردنەوە و دەترسم ئەمە بەرنامەیەك بێت بۆ کەمکردنەوەی مرۆڤەکان لە کۆمەلگای ئێمەدا تاکو ئەو خزمەتگوزارییانەی هەیە بەشی ئەوەندە بکات کە هەیە چونکە دەسەلاتیش دان بە مافەکانی ژنان دانانی ئەی ئەگەر وانیە ئەی لەدوای دوعاوە چی کرا؟؟؟ شەوبۆ و ئامینەو س، ش، چ ... . هتد بوونە قوربانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.